بارزانی لە یادی ئەنفالی بارزانیەکاندا: تاوەکو عەقلیەتی شۆڤینی هەبێت عێراق هیچ کات ناحەستێوە



ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو عەقلیەتەی لەپشتووی ئەو تاوانە و تاوانکانی تر بو عەقلیەتی شۆڤینی و نکۆکاری بو کە بە هەمو عێراق بوە سەرچاوەی نەهامەتی و دواکەوتن، بە داخەوە هێشتا هەندێك کەس هەن کە عیبرەتیان لە مێژو وەرنەگرتوە و هەر بەو عەقلیەتە سیاسەت دەکەن، "دەبێت هەمو لایەك بزانن هەتا ئەو عەقلیەتە مابێت، عێراق هیچ کات ناحەستێوە".

هەسعود بارزانی لەە یادی 42 ساڵی ئەنفالی بارزانییەکان، ڕایگەیاند، "لە درێژایی سادا کەم ێژ هەن یادی کارەسات و تاوان و زوڵمێك نەبێ کە لە لایەن حکومەتەکانی عێراق دژەڕەق گەلی کوردستان نەکرابێت، 42 ساڵ بەر لە ئێستا لە ێژەکی وەکو ئەمە ێژەمی پێشوی عێراق هەشت هەزار پیاوی پیر و

گەنجی بارزانی لە تەمەنی نۆ ساڵ هەتا پێرەمێردی نەوەد ساڵان بەزەڕا پێچی بیابانەکانی باشوری عێراقی کردن و لەوێ دێندانە کەمەکوژیکردن".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو تاوانە بەشێك لەو تاوانانە بو کە بەسەر کانی گەلی کوردستاندا هاتوە، هەر لە بەسەروشونکردنی دوازدەهەزار گەنجی فەیلی و ئەنفالی گەرمیان و بادینان و کیمیانبارانکردنی هەڵەبجە و دێهەرەکانی تری کوردستان بگرە هەتا تەعریب و ناگواستنی بەزۆری هاوڵاتیانی کورد.

مەسعود بارزانی دەڵێت، "ئەو عەقلیەتەی لەپشتەوەی ئەو تاوانە و تاوانکانی تر بو عەقلیەتی شۆڤینی و نکۆلیکاری بو کە بە هەمو عێراق بوە سەرچاوەی نەهامەتی و دواکەوتن، بە داخەوە هێشتا هەندێك کەس هەن کە عیبرەتیان لە مێژوو وەرنەگرتووە و هەر بەو عەقلیەتە سیاسەت دەکەن. دەبە هەموو لایەك بزانن هەتا ئەو عەقلیەتە مابێت، عێراق هیچ کات ناحەسێتەوە".